بەش: فەلسەفە

کۆلێژ: ئاداب

زانکۆ: سەلاحەدین

**بابەت: کۆمەڵناسی مەعریفە**

قۆناغی: سێیەم

ناوی مامۆستا: پ.ی. م. هەردی زیاد صالح & م.ی. خطاب عزیز

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣- ٢٠٢٤

کۆرس: کۆرسی دووەم

## بانکی پرسیار بۆ بابەتی "کۆمەڵناسی مەعریفە"

1- ئایا مەعریفەیە ئەوەیە، کە درکی پێدەکەین و بەر هەستەکانمان دەکەوێت؟ یان ئەو بیروباوەڕانەیە کە لە ئەقڵی مرۆڤ دانراوە و لە کۆمەڵەکان بۆی ماوەتەوە؟

2- ئایا مەعریفە کردارێکی ئەقڵییە؟ یان بونیادێکی چەمکییە کە مرۆڤ لە زمانێکی تایبەت دروستی کردووە، کە تیایدا مەعریفەکانی دیار دەکات؟

3- ئایا مەعریفە پێکدێت لە هەستەوەرەکان و هەڵچوونەکانی؟ یان ئەو بۆچوونانە لە بیرۆکە و خاتیرەکان پێکدێت؟

4- ئایا مەعریفە تاکییە؟ یان کۆمەڵایەتییە و ئامرازێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵ؟

5- پێناسەی مەعریفە بکە؟ لە دواییدا باس لە دابەشکردنی مەعریفە بکە لای ئەفلاتوون؟

6- پێناسەی مەعریفە بکە؟ ئینجا ئاراستەی دەستەی یەقینی چۆن باسیان لە مەعریفە کردووە، لە بارەیەوە بدوێ؟

7- تایبەتمەندییەکانی مەعریفە بژمێرە و باس لە یەکێکیان بکە؟

8- مەبەست چییە لەوەی کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مەعریفە "تاکی و کۆمەڵی"یە، باسی بکە.

9- مەبەست چییە لەوەی کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مەعریفە "ئەزموونی و پێوەرییە"یە، باسی بکە.

10- مەبەست چییە لەوەی کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مەعریفە "تیۆری و پراکتیکییە"یە، باسی بکە.

11- مەبەست چییە لەوەی کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مەعریفە "تیۆری و پراکتیکییە"یە، باسی بکە.

12- لە روانگەی "جۆرج گۆرڤیج" باس لە جۆرەکانی مەعریفە بکە؟

13- باس لە مەعریفەی هەستی بکە؟

14- فارابی جیاوازی لە نێوان دوو جۆر مەعریفەی هەستی کرد، چین باسیان بکە؟

15- باس لە مەعریفەی فەلسەفی بکە؟

16- باس لە پەیوەندی نێوان فەلسەفە و زانست بکە؟

17- باس لە تایبەتمەندییەکانی مەعریفەی زانستی بکە؟

18- پێناسەی مەعریفە بکە؟ لە دواییدا باس لەو بەڵگانە بکە کە گومانکاران انکاری مەعریفەیان پێ دەکرد؟

19- پێناسەی مەعریفە بکە؟ لە دواییدا باس لە دەستەی یەقینی بکە سەبارەت بە مەعریفە؟

20- پێناسەی مەعریفە بکە؟ لە دواییدا باس لە سەرچاوەکانی مەعریفە بکە؟

21- باس لە دابەشکردنی مەعریفە بکە لای سوکرات؟

22- باس لە دابەشکردنی مەعریفە بکە لای ئەفلاتوون؟

23- باس لە دابەشکردنی مەعریفە بکە لای فارابی؟

24- باس لە دابەشکردنی مەعریفە بکە لای غەزالی؟

25- باس لە دابەشکردنی مەعریفە بکە لای فرانسس بیکۆن؟

26- پێناسەی مەعریفەی زانستی بکە؟ لە دواییدا خاسیەتەکانی مەعریفەی زانستی بژمێرە و بە پوختی باس لە دوو خاسیەتیان بکە؟

27- پێناسەی مەعریفەی زانستی بکە؟ لە دواییدا باس لە کارامەییەکانی بیرکردنەوەی زانستی بکە؟

28- پێناسەی کۆمەڵناسی مەعریفە بکە؟ لە دواییدا باس لە پۆلێنکردنی زانستە ئەقڵییەکان بکە لای ئیبن خەلدون؟

29- لەبارەی قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵناسی مەعریفە بدوێ؟

30- باس لە سەرچاوەکانی مەعریفەی کۆمەڵایەتی بکە؟

31- باس لە پۆلێنکردنی زانستە ئەقڵییەکان بکە لای ئیبن خەلدون؟

32- پێناسەی کۆمەڵناسی مەعریفە بکە، لە دواییدا باس لە مەعریفەی ئەقڵی بکە لای ئیبن خەلدون؟

33- شیللەر بەهاکانی بۆ چەند ئاست دابەش کرد، باسیان بکە؟ لە دواییدا لەسەر ئەم بابەتە بدوێ "بەهای باڵا بریتییە لە یەکبوونی دەروونی تاکەکانی کۆمەڵ، بەڵام بەهای نزم بریتییە لە بەش بەش بوون و جیاوازی"؟

34- شیللەر بەهاکانی بۆ چەند ئاست دابەش کرد، باسیان بکە؟ لە دواییدا لەسەر ئەم بابەتە بدوێ "هەرکات بەها باڵا بوو، کەمتر پشت دەبەستێت بە شتی ماددی، زیاتر گشتگیر دەبێ"؟

35- باس لە شێوەکانی مەعریفە بکە لای شیللەر؟

36- باس لە بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی مەعریفە بکە لای کارل مانهایم؟

37- کارل مانهایم چۆن باسی لە ڕێژەگەرایی مەعریفە کردووە، بە پوختی لەسەری بدوێ؟